# شیکردنەوەی
# «تێبینی یەکانی لەسەر بەرەو سایکۆلۆژیا»

مستەفا پەژار

(هەرکەسێ إظهاری دانایی بکات‌و مقصدی خود پەسندی بێ یقین إظهاری نادانی دەکا)

—نالی—

لەبارەی ئەو وتارەی کە لە ژمارە —٣٦—ی گۆڤاری کارواندا بەناوی : بەرەو سایکۆلۆژیا ، بلاْوکرابوەوە ، لە ژمارە —٤٣—ی هەمان گۆڤاردا ، چەند تێبینی یەکی مامۆستا جەلال خەلەف ژاڵەیی ، بلاْوکراوەتەوە ، لاپەڕەکانی ٥٥—٥٨ . لەبەر ئەوەی تێبینی یەکان بە پەلە نووسراون ، شتی وەهای تێکەوتوە — چ لەبارەی وتارەکەی ئێمەوەو چ لەبارەی زانستی سایکۆلۆژیاوە — بەجۆرێك شیکردنەوەیان بەپێویست بزانم .

لەم کارەیشماندا ، **جێگرکردنی راستی‌و ، پەرەپێدانی سایکۆلۆژیا بەکوردی‌و خزمەتکردنی زمانی شیرینی کوردیمان مەبەستە** .

### زاراوی کوردی بۆ سایکۆلۆژیا

لە وتاری ناوبراوماندا نووسیبوومان :— (بۆ زاراوەی سایکۆلۆژیا بە کوردی ئەم زاراوانە پێشنیاز دەکرێن :— رەوانناسی ، دەروونناسی ، گیانناسی ،

رەوانزانی ، دەروونزانی ، گیانزانی‌و ، روونمان کردبوەوە کە لەبەر ئەوەی زانستی سایکۆلۆژیا لە واتای گشت زاراوەکان بەدەرە بە زاراوی (سایکۆلۆژیا)و (علم النفس) یشەوەو بێ ئەوەی هیچ پەشیمانی یەك لە نووسینەکەی ئێمەدا هەبێت گوتویەتی : (هەر لە هەمان شوێندا پێشنیارەکەی هەڵدەوەشێنێتەوەو لی‌ی پەشیمان دەبێتەوە) .

لە پاش ئەمەشدا ئەوەی لە وتارەکەی ئێمەدا باسکراوە — هەر لەو لاپەڕەیەی زاراوەکانی تێدایە — لەبارەی بواری سایکۆلۆژیاوە ، کە لێکۆڵینەوەی زانستانەی رەوشتە ، یان زانستی کردەکانی هۆشە ، ئەو هاتوە بە شێوازی نووسینی تایبەتی خۆی دووبارەی کردۆتەوەو خۆی تووشی گیرمەو کێشەیەکیش کردوە کە رەوشتی بە کرداری دەروون داناوە :— (راست وابوو هەر لێرەدا ، هۆی ئەوەی باس بکردایە کە بۆچی ئەم زاراوانە هیچ کامێکیان پڕ بە پێستی زانستی یەکە نین ، هۆکەشی ئەوەیە ، ئەم زانستی یە باسی (دەروون — نفس) ناکات ، بەڵکو **باسی کرداری دەروون** دەکات کە ئەویش (رەوشتە — السلوك) . (ئێمەش لە شوێنێکی دیکەدا ، روونی دەکەینەوە کە سایکۆلۆژیا

باسی کرداری دەروون ناکاتو رەوشتیش کرداری دەروون نی‌یە) .

لە خستنە رووی زاراوەکاندا ، مەبەست ، دەرخستنی رای تایبەتی خۆمان نەبوە ، بەڵکو مەبەست ئەوە بوە کە زمانی کوردی لە توانایدا هەیە نەك هەر یەك زاراو ، بەهەمان مانای سایکۆلۆژیاوە ، بەڵکوو چەند زاراوەیەك بهێنێتە کایەوەو بەم بۆنەیەوە ئەم زاراوانەشیان دەخەینە سەر :—

دەروونەوانی ، رەوانەوانی ، گیانەوانی ، لەسەر کێشی :— قازەوانی ، رەزەوانی ، بەرخەوانی ، بنەوانی . .

هەروەها ، دەروونکاری ، رەوانکاری ، گیانکاری ، لەسەر کێشی ، سپی‌کاری ، قوڕکاری ، سەرکاری . . .

هەروەها ، دەروونداری ، رەوانداری ، گیانداری ، لەسەر کێشی ، ماڵداری ، خێزانداری ، ژیانداری ، میوانداری .

کە زاراوە کوردییەکانیش پەسند ناکەینو سایکۆلۆژیا بە لەبارتر دادەنێین ، لەبەر ئەوەیە زاراوە کوردییەکان بەهەمان مانای سایکۆلۆژیاوە — کە زانستی دەروون دەبەخشی — دانراونو لە راستی‌دا ، **دەروون** ، دەمێکە بواری ئەم زانستەی بەجێ هێشتوەو چۆتەوە ناو فەلسەفەوەو سایکۆلۆژیا زانستی لە رەوشت‌کۆڵینەوەیەو زاراوەکان هیچیان ئەم مانایە نادەنو نایشکرێت لە مێژووی ئەم زانستە لابدەینو زێدە لە هەموو خەڵکی ئەم سەر زەمینە زاراوەکە بکەین بە :— زانستی رەوشت ، رەوشتناسی ، یان رەوشتزانی ، بۆیە لە بەکارهێنانی زاراوی سایکۆلۆژیا پەشیمان نەبوینەتەوەو هەر ئێستا پتر لەسەر هۆی راستی‌ی ئەم بەکارهێنانە دەڕۆین .

## زاراوی چەسپاو

مامۆستا جەلال وەهای خستۆتە روو کە گۆیا زاراوی (دەروونزانی) چەسپاوەو ئیتر پێویست بە بەکارهێنانی زاراوی دیکە ناکاتو بۆ چەسپاندنی ئەم رایەیشی دەڵێت :

(١ — . . . . . تا ئێستا من (واتا مامۆستا جەلال) دوو پەرتووکم بڵاوکردۆتەوە لەسەر بەرگەکانیان (دەروون زانی) نووسراوە .

٢ — د . هیوا عومەر ئەحمەد ، دەروونزانی‌ی بەکارهێناوە .

٣ — (دەروونزانی لەسەر زمان خۆشو ساناترە .

٤ — لە هەچ رۆشنبیرێ بپرسی (دەروونزانی) چی‌یە ؟

دەست بەجێ پێت دەڵێ (علم النفس)ە .) .

ئەم قسانەی مامۆستا جەلال ، بەزەق پیشاندانی رای تایبەت بەخۆیەتیو فەرامۆش کردنی بەکارهێنانی زاراوی دیکەیە لەم بوارەدا ، چونکە :—

١ — مامۆستا حەمە کەریم ، دەمێکە (سایکۆلۆجیەت)ی بە کارهێناوە[1] .

٢ — مامۆستا عەبدول سەتتار ، «زانستی دەروون)[2]ی بەکارهێناوەو (سایکۆلۆجی)[3] یان (سایکۆلوژی)[4] یشی هەر بەکارهێناوە .

٣ — کۆڕی زانیاری کورد ، (زانستی نەفس)[5]ی بەکارهێناوەو (سایکۆلۆجی)[6] یشی هەر بە کارهێناوە .

٤ — گۆڤاری بەیان ، (**دەروونناسی**) بەکارهێناوەو مامۆستا (یعقوب قەساب)یش ، (سایکۆلۆژیەت)ی بەکارهێناوە[7] .

بێجگە لەمانەش ، سایکۆلۆژیا ، لەم لاو لەو لادا ، کەوتۆتە ناو نووسینە کوردییەکانەوە .

کە وەهایێت ، زاراوی سایکۆلۆژیا ، پتر لەهەر زاراوێکی دیکە بەکارهێنراوەو چەسپاوە نەك (دەروونزانی) . ئێمەش کە پێشنیازی بەکارهێنانی زاراوەکەمان — وەکو خۆی چۆنە وەهاش — کردبوو هەموو ئەوانەی باسمان کردن لەبەرچاو بوە .

ئەم خاڵانەی خوارەوەش ، پتر لەباری‌ی زاراوەکە دەچەسپێنن :— ١ — زاراوە کوردییەکان بەهەمان مانای سایکۆلۆژیاوە دانراون ، مانای زاراوی سایکۆلۆژیایش ،

(زانستی دەروون)ەو ئێستاش ، زانستەکە بوارەکەی (دەروون) نی یە ، بەڵکوو ، (ڕەوشت)ە هەروەك لەمەوبەر ڕوونمان کردۆتەوە .

٢ – سایکۆلۆژیا ، زاراوێکە ، لە هەندەران ، لە گەلێ شوێنداو لەناو گەلێ زماندا ، بەهەمان شێوەی خۆی بەکار دەهێنرێت‌و زانا عەرەبەکانیش ، شان بەشانی ، (علم النفس) بەکاری دەهێنن‌و کۆڕی زانیاری‌ی میسریش بڕیاری بەکار هێنانی ئەم جۆرە زاراوانەی داوە[٨] .

٣ – لەم دوادوایی‌یەیشدا ، ئەم چەشنە زاراوانە ، کەوتوونەتە ناو زمانی نووسینی کوردیشەوە ، وەك : جوگرافیا ، بیبلیۆگرافیا ، ئەتنۆگرافیا ، فۆلکلۆر ، ئەنترۆپۆلۆژیا ، . . با (سایکۆلۆژیا)ش بەکاربێت .

٤ – لەو تۆژینەوەو لێکۆڵینەوانەی بواری بەر فراوانی ئەم زانستە ، بۆنموونە وەك : خوێندنەوە ، فێربوون ، پڕوپاگەندە . . بەکارهێنانی سایکۆلۆژیا لەگەڵیاندا ڕێکترو خۆشترو ئاسانترە لە زاراوەکانی دیکە :– سایکۆلۆژیای خوێندنەوە ، سایکۆلۆژیای فێربوون ، سایکۆلۆژیای پڕوپاگەندە . . . کە بەعەرەبیش هەر «سیکولوجیة» لەگەڵ بەکار دەهێنن : «سیکولوجیة القراءة ، سیکولوجیة الاشاعة ، سیکولوجیة التعلم .» .

## دەروون‌و کرداری دەروون‌و ڕەوشت[٩]

لەبەر ئەوەی ناتوانرێت سنووری مانای وشەی «دەروون» ، بابەتیانە ، دەست نیشان بکرێت‌و نازانرێت «دەروون» خۆی لەخۆی‌دا چی‌یە ماناو جۆری ڕەوشتەکەیشی بابەتیانە ، دەست نیشان ناکرێت‌و لێك نادرێتەوە . چونکە ئەگەر ڕەوشت کرداری دەروون بێت‌و ئەم دەروونەش زانراوو سنوردار نەبێت ، ئەوا کردارەکانیشی زانراوو سنووردار نابن‌و دەبن بە (بۆ چوون) ، بۆچوونەکانیش بابەتی فەلسەفەیین نەك زانستی ، چونکە زانست ، بابەتیانە ، لە دیاردەکان ورد دەبێتەوەو لەبەر ڕۆشنایی یاساو سەرەتا گشتی‌یەکاندا لێکیان دەداتەوە[١٠] .

ڕەوشتیش ، بۆچوون نی‌یەو سەرچاوەکەشی هەر بۆچوون نی‌یە . واتا ڕەوشت دیاردەیەکی سروشتی‌یەو لە زیندەوەرەوە بەگشتی دەر دەچێت‌و زیندەوەرەکانیش ، دەتوانرێت دەست نیشان بکرێن‌و هەریەکەیان خۆیان لەخۆیاندا بابەتین . بە واتایەکی دیکە ، ڕەوشت لە دەروونەوە دەرناچێت بەڵکوو ، بە گشتی لە زیندەوەرەوە دەردەچێت .

## پێناسەی پێنجەم

مامۆستا جەلال ، لەبارەی پێناسەی پێنجەمی سایکۆلۆژیای وتارەکەی ئێمەوە ، گوتویەتی :– (١ – گۆڕینەکەی دەقاودەقە .

٢ – ووشەی (الحیوان)ی بۆ (ئاژەڵ) گۆڕیوە ، لە دەروون زانی‌دا باشتر وابوو بڵێت (گیانەوەر) ، چونکە لە کوردی‌دا نەخوازەڵلاش لە کوردەواری‌دا ، تەنها ئەو گیانلەبەرانە دەگرێتەوە کە چوارپێن‌و گۆشتیان دەخورێ ، یان بۆ گواستنەوە بەکار دێنرێن‌و مەیموون‌و سەگ‌و مشك‌و پشیلە ناگرێتەوە .

٣ – ووشەی (المجتمع)ی گۆڕیوە بۆ ووشەی (گەل)یش واتای (الشعب) دەگەیێنێ بە زمانی عەرەبی ، دروستو باشتر وابوو ووشەکەی بۆ (کۆمەڵ) بگۆڕرایە .) .

١ – لە بارەی گۆڕینی وشەی (الحیوان) بۆ (ئاژەڵ)ەوە ، با هەر لەوە گەڕێین کە لەدەیەها کتێبی قوتابخانەیی وشەی (ئاژەڵ) بۆ «الحیوان» بەکار هێنراوەو لە وشەی «گیانەوەر» بکۆڵینەوە ، ئەم وشەیەی دوایی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە «گیان»یان هەیەو ئادەمیزادیشی لێ بەدەر نی‌یە ، لەبەر ئەوە گەر بمانەوێ ئادەمیزاد لە گیانەوەرەکانی دیکە جیابکەینەوە وشەی «گیانەوەر» دادیکمان نادات ، لەبەر ئەوە وشەی (ئاژەڵ) بەکار

هێنراوه .

وشەی (animal)ی ئینگلیزیو (الحیوان)ی عەرەبی ، ئادەمیزادی لێ بترازێ بۆ هەموو زیندەوەرەکانی دیکە بەکار دەهێنرین کە جۆرو چەشنی گەلێ زۆرو زۆر لێك جیوازیان هەن .

لەبەر ئەمانە وشەی (ئاژەڵ) بۆ «الحیوان» راستەو لەبارەی وشەی گیانەوەریشەوە دەڵێین :-
لەبەر ئەوەی رەوشت دیاردەیەکی سروشتییەو لێکۆڵینەوەی ئەم رەوشتەش بابەتی زانستێکی سروشتییە ، کە سایکۆلۆژیایەو زانستە سروشتییەکانیش کاریان بە (گیانو گیانەوەرو گیانلەبەرەوە) نییەو لەباتی گیانەوەر یان گیانلەبەر ، زیندەوەر ، بەکار دەهێنرێت ، زیندەوەر .

٢ – لەبارەی دەقاودەق وتارەکەو گۆڕینی وشەی (المجتمع) بۆ وشەی (گەل)ەوەیش ، سەرنجی خوێنەری هێژا بۆ ئەو لاپەڕەیەی کە پێناسەکەی لێ وەرگیراوە – (بەڵگەنامەی ژمارە -١-)- رادەکێشینو بۆ ئەوانەیش کە عەرەبی باش نازانن ئەوەی لە پێناسەکەدا روون دەکەینەوەو دەڵێین :- نەك هەر لە پێناسەکەدا ، بەڵکوو هەر لە لاپەڕەکەدا – لاپەرە (٨) – بەگشتی وشەی (المجتمع) بەرچاو ناکەوێت ! !
بەهەر حاڵ ، کردەوەی لەم چەشنە ، لادانە لە پێڕەوی نووسینو تۆژینەوەی زانستی ، کە دەبێت بەوردی دەست نیشانی سەرچاوەکان بکرێنو وشەو رستەی دانەر هەروەکوو خۆیان چۆن لە دەقە بلاوکراوەکەدا هاتوون ، وەهاش وەریان بگرێتو بیانووسێتەوە[١١] . بۆ زیاتر روونکردنەوەیش هەردوو دەقی پێناسەکە بە عەرەبیو کوردی دەخەینە بەردەست خوێنەری بەرێزەوە :- «لعله یمکن تعریف علم النفس بانه الدراسة المنسقة للخبرة والسلوك – بما في ذلك سلوك الانسان والحیوان ، السلوك السوي والمنحرف ، السلوك الفردي والاجتماعي»

ئەمەش دەقە کوردییەکەیەتی «ئەو لێکۆڵینەوە رێكو پێکەیە لە بارەی شارەزایی (الخبرة)و رەوشتەوە ، بە رەوشتی مرۆڤو ئاژەڵ ، ئاساییو لار ، تاكو گەلەوە .» لەبارەی وەرگێڕانی «دەقاو دەق»یشەوە دەڵێین : وەرگێڕانی دەقاو دەق واتا وەرگێڕانی بێ دەسکارییو ئەم جۆرە وەرگێرانەش نابێ بە کەمو کوری دابنرێت ، هەروەك کەس وەهای بۆ نەچووە ، بەڵام دوور نییە مەبەستی مامۆستا جەلال ئەوە نەبووبێتو مەبەستی وەرگێرانی وشە بەوشە بووبێت ، کە وەرگێڕانێکی پەسند نییە ، چونکە زمانەکان لەبارەی دارشتنی رستەو چۆنایەتی مانا بەدەستەوەداندا لەیەك جیاوازن ئێمەش وامان نەکردوە ، بەڵکوو رەچاوی مانای ئەو وشە کوردییانەمان کردوە کە بەوردی مانا بدەنو واتای دەقەکەش بە راستو دروستی بخەنە بەردەست خوێنەر ، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ئەوەیە کە (السلوك الاجتماعي) مان نەکردوە ، بە (رەوشتی کۆمەلایەتی) بەڵکوو کردوومانە بە (رەوشتی گەل)و وشەی (السوي)مان نەکردوە ، (راست) یان (چاك) بەڵکوو کردوومانە بە (ئاسایی) کە مەبەستی دانەرەکانەو (ئاسایی) واتا (إعتیادی) لە کوردیدا ، نەك (السوي) . چونکە لە سایکۆلۆژیاداو بە عەرەبی (السوی ، الاعتیادي ، العادي ، الطبیعي ، الوسط) هەموویان یەك واتایان هەیەو هەموویان مەبەستیان ئادەمیزادی ، یان ، رەوشتی مامناوەندییە .

## هۆش ، ژیری ، زیرەکی

مامۆستا جەلال لەبارەی ئەوەی کە (القیاسات العقلیة) مان کردوە بە (پێوانەکانی هۆش) ، دەڵێت : (راست وابوو بڵێت : (زیرەکی پێو)یان هیچ نەبێ بیگۆڕایە بۆ (ئەزموون پێو) . چونکە (العقلیة) چاوگی دەستکردە (مصدر صناعي) مەبەست زانستی

پێوانە هۆشێکانە نەك پێوانەی (هۆش) ، دووبارە (عقل) خۆی ناپێورێت بەڵکوو کرداری (عقل) و تواناکەی کە زیرەکی‌یە دەپێورێت ، بۆیە راست وابوو بگوترێت (زیرەکی پێو) چونکە زاراوەی (عقل) لە پەرتووکەکانی بیرکاری‌و دەروونی‌دا گۆڕاوە بۆ (ژیری)و تواناکەی (الذکاء) گۆڕاوە بۆ (زیرەکی) ، زاراوەی (الوعي) گۆڕاوە بۆ زاراوەی (هۆش) ، چونکە ئەگەر کەسێك لەسەرخۆی بچێت یان بخرێتە ژێر بەنجی نەشتەرگەری‌یەوە پێی دەگوترێ (بێ‌هۆش) بووە ، نەك بێ (عەقل) بوە .

ئێمەش لەمەو دوا یەکە یەکە تێبینی‌یەکان شی دەکەینەوە :

١ – لەسەر خۆ چوون یان لە هۆش خۆ چوون ؟

لە کوردەواریدا ئەگەر هۆشی یەکێك پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە نەمێنێت ، بە هەچ هۆیەکەوە بێت ، پێی نالێن : (لەسەر خۆی چووە !) ، بەڵکوو پێی دەڵێن : (لەخۆ چووە) یان (لە هۆش خۆی چووە ، نەك (بێ هۆش ! بوە)

٢ – لە کوردی‌دا ، نابێت بگوترێت (کەسێك ئەگەر بخرێتە ژێر بەنجی نەشتەرگەری‌یە) بەڵکوو دەبێت بگوترێت : کەسێك ئەگەر بخرێتە بەر کاریگەری‌ی بەنجی نەشتەرگەری‌یەوە .

٣ – پێوانەی هۆش ، یان زیرەکی پێو ؟

٣ – ١ – لە بارەی وشەی (پێوانە) و (پێو)ی پاش وشەی (زیرەکی)یەوە ، یەکن‌و یەك واتاش دەبەخشن‌و لە فرمانی «پێوای ، دەپێوی ، بپێوە»ە وە هاتوون‌و ئەگەر پێوانە راست نەبێت ئەوا (پێو)یش هەر راست نابێت‌و لە راستی‌دا کار بەم جۆرە نی‌یەو هەردووکیان راستن .

کەوابێت ، دەبێت «زیرەکی» لە وشەی «هۆش» راست تر بێت ، بۆ ئەم مەبەستە – بەرای مامۆستا جەلال – بەڵام دیسانەوە تای تەرازووی وشەی (هۆش) قورس‌ترە لە وشەی (زیرەکی) . چونکە :–

١ – وشەی (هۆش) گشتی‌ترە . واتا هەموو کەسێك هۆشی‌یان هەیە ، بەڵام هەموویان بەیەك رادە ، یان پلە زیرەك نین‌و ئادەمیزادی زیرەك ، ئاسایی ، دەبەنگ هەیەو ، پێوانەکانی هۆش بۆ هەموویان – بەمەبەستی زانینی رادەی زیرەکی‌یان – بەکار دێت ، باشە خۆ ئادەمیزادی (ئاسایی) زیرەك نی‌یە ، بەڵکوو مامنا وەندی‌یەو هەروەها ئادەمیزادی دەبەنگیش زیرەك نی‌یە ! بەڵکوو لەخوار مامناوەندی‌یەو (زیرەکی پێو) بۆ پێوانی هۆشی ئەوانەی کە زیرەکن راستە ، بەڵام بۆ ئەوانەی کە «ئاسایی» و «دەبەنگ»ن راست نابێت ، کەچی «پێوانەی هۆش» هەرسێ جۆر دەگرێتەوە ، واتا پێوانی هۆشی هەر ئادەمیزادێك‌و دیارە (زیرەکی پێو) تەنیا پێوانی هۆشی زیرەکەکان بەخۆیەوە دەگرێت .

٢ – پێوانەکانی هۆش بۆ زانینی گەلێ لایەنی هۆش بەکار دەهێنرێت دەست نیشان کردنی (هۆشە تەمەن (العمر العقلي) – کەچی ئەزموونەکانی ژیری یان زیرەکی پیو تەنیا بۆ زانینی توانست‌و ئامادەیی‌یەکان ، القدرات والاستعدادات بەکار دەهێنرێت .

هەر لەبەر ئەوەی کە مانای وشەی (هۆش)ی بە (الوعي) زانیوە ، تووشی بەهەڵەدا چوونێکی دی بووە کە (ژیری) بە (العقل) لە قەڵەم داوە ، «العقل» واتا (ژیری) نی‌یە ، ژیری واتا زیرەکی یان زرنگی ، ئەم سێ وشە کوردی‌یە – ژیری ، زیرەکی ، زرنگی – نەك هەر لە بارەی ماناوە ، بەڵکوو لە بنەرەتیشدا هەر یەکن ، بنچینەی هەرسێکیان وشەی زر ، Zir) بووە ، پاشان بووە بە (زیر ، Zir) کەلەکوردی‌ئەمرۆدا مانا نادەن ، بەڵام کە پاشگری (نگ) بە یەکەم‌و (ەك) بەدوەم لکاوەو بوونەتە (زرنگ) ، و (زیرەك) مانا دەدەن‌و هەردوکیشیان بەکاردێن . وشەی (ژیر) هەر وشەی (زیر)ە (ز) گۆڕاوە بۆ (ژ) و بێ پاشگر مانای هەیە .

کەوابێ «ژیری» العقل) نی‌یەو «هۆش» واتا (العقل) ، ئەمەش نەك هەر لە زمانی رۆژانەی خەڵکی کوردستاندا بەدی دەکرێت‌و بەس ، بەڵکوو لە نامیلکەی زاراوە زانستیەکا نی کۆڕی زانیاری کوردیشدا لە لاپەرە «٢١» دا «العقل : هۆش»

نووسراوە . .

هەروەها ژمارە ٤)ی گوڤاری پەروەردەو زانست لە لاپەڕە «١٦٦»دا نووسیویەتی :– هۆش : العقل .

لە فەرهەنگی مەهابادیشدا ، هۆش بەم جۆرە لێك دراوەتەوە : هۆش : عقل ، حس شعور ، ذهن ، طبع «لاپەرە ، ٧٠٤) .

لەبەر رۆشنایی ئەم زانیاری‌یانەی لەمەوبەر خستمانە روو ، «پێوانەکانی هۆش) بۆ «القياسات العقلية» راست‌ترە لە (زیرەکی پێو) .

ئەمەو پەرتووکەکانی بیرکاری ، دوورو نزیك هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەم زاراوانەوە نی‌یەو پەرتووکەکانی دەروونیش ، بەداخەوە ، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، دانەیەکیشی ، نەکەوتۆتە ناو کتێبە قوتابخانەیی‌یەکانمانەوە ! !

لە بارەی (ئەزموون پێو)یشەوە ، دەڵێین : باسێکی لەم چەشنە لە زانستی پێوانەکانی هۆش‌دا هەر نی‌یە ، چونکە (ئەزموون) واتا (اختبار) یان «امتحان» بەم پی‌یە (ئەزموون پێو) دەبێتە (قیاس الاختبار) یان (قیاس الامتحان) شتی وەهایش لەم زانستەدا نەبووەو نی‌یە .

دیسانەوە ، بۆیە ، پێوانەکانی هۆش راست‌ترە . بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە بارەی «سایکۆلۆژیای ناسین – سیکولوجية التعرف» یشەوە کردویە ، سەرنج بۆ بەڵگە نامەی – ژمارە – ١–

رادەکێشین‌و لێرەدا دەیکەین بە کوردی :–

سایکۆلۆژیای ناسین : کردە تایبەتییەکانی ، دەرك کردن ، ئاگاداربوون ، فێربوون ، یادکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە دەگرێتەوە ، لێکۆڵینەوەیەکە تایبەت بەو زانینەی کە لە هەڵچوون‌و ئارەزوو جیاوازە[٢٩] .

## زاراوی کەسایەتی

مامۆستا جەلال نووسیویەتی : گۆڕینی (سایکۆلۆجية الشخصية) بۆ (سایکۆلۆژیای کەسایەتی) راست نی‌یە ، چونکە کەسێتی زیاتر بەکار هێنراوەو کەسایەتیش لە واتای خزمایەتی‌یەوە نزیکترە .

بەراستی ئەم قسەیەم پی‌سەیرە ! ئەگەر مامۆستا نەی نووسیبا (راست نی‌یە) هەر باش بوو ، چونکە ئەم (راست نی‌یە)ی ئەو کە (راست نی‌یە) ، کەسێتیش دەگرێتەوە چونکە هەر کورد زمانێك ، دەزانێت کەسێتی‌و کەسایەتی لە بنچینەدا یەك وشەن‌و ئەگەر یەکێکیان پی‌ی بگوترێت (راست نی‌یە) ، ئەم (راست نی‌یە) ئەوی دیکەش دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوە (راست نی‌یە) بۆ هەردووکیان (راست نی‌یە) .

وشەی (کەس) بە پاشگری (ایەتی) یان (ێتی) ئەم مانایەی بەخشیوەو لە بنچینەدا هەردوو پاشگری (ایەتی) و (ێتی) هەر یەکن‌و تەنیا (ا) گۆڕاوە بۆ (ێ)وکە لەبارەی ، لەباری یان نا لە باری ، نەك (راست‌و ناراست)ی هەردووکیان ، بیبردەکەینەوە ، (کەسایەتی) بە لەبارتر خۆی دەردەخات چونکە : برایەتی ، خزمایەتی ، کەسایەتی ، ئازایەتی مەردایەتی ، کوردایەتی ، کۆمەڵایەتی ، . . . . رەوانترو لەبارترن لە : خزمێتی ، کەسێتی ، ئازایێتی ، مەردێتی ، کوردێتی ، کۆمەڵێتی . . .

بە پێچەوانەی قسەی مامۆستا جەلال کەسێتی لە خزمایەتی‌یەوە نزیکترە ، بۆ نموونە :–

پیرۆت چی ئازادە ؟ باوکێتی . شادان چی خەندانە ؟ خوشکێتی شیرزاد چی نەوزادە ؟ خزمێتی . . . سەرەڕای ئەمەش ، کەسایەتی پتر بەکارهێنراوەو کۆڕی زانیاری کوردیش هەر «کەسایەتی» داناوە نەك (کەسێتی) .

## سێ یاسایەکەی ئەرستۆ

لە بارەی یەکێك لە سێ یاسایەکەی ئەرستۆ کە بە :– «پێکەوە بوون ، لەیەك چوون ، دژایەتی .» ناو بردرابوون ،

مامۆستا نووسیویەتی :– «وەك من بزانم یاسایەکەی ئەرِیستۆ کە بۆ شت بیرهاتنەوە دایناوە «پێکەوە بوون ، المعیة» یان (التجمع)ی تێدا نی یە ، بەڵام (لێك نزیك بوون – التجاور)ی تێدا هەیە .» .

جێگای سەرسورِمانەو نازانین لەبەرچی هەر وشەو زاراوێك کە ئێمە بەکارمان هێناوە ، ئەو یەکسەرو بێ سێ‌و دوو وشەیەکی عەرەبی‌ی بۆ داناوە ؟ ! !

تۆ بڵێ‌ی وتارەکەی ئێمەی بە وەرگێران دانابێت‌و وشەو زاراوەکانی ئێمەی بەلەبار نەزانی بێت بۆ بەدەستەوەدانی مانای وشە عەرەبی‌یەکە ؟ ! بەڵام کام وشە ؟ ئەو وشەیەی کە خۆی وای داناوە وشە کوردییەکەی بۆ دانرابێت ئەو ! !

بەهەر حاڵ ، وتارەکەی ئێمە وەرگێران نی‌یەو ئەو وشە عەرەبی‌یانەیش کە مامۆستا جەلال بۆ وشە کوردییەکانی ئێمەی داناوە ، لای خۆی نەبێت ، لە چ جێگایەکی دیکەدا نەبووە ، کە وشە کوردییەکانمان بۆ دانابن ! !

هەر لەبەر ئەوە (پێکەوە بوون) ، (المعیة) یان ( التجمع ) نی‌یە .

بۆ ئەوەیش بزانین چ وشەیەك پرِ بە پێستی یاساکەیە ، پێویستە بزانین ماناکەی چی‌یە : قەومانی بیرکردنەوەو رووداوەکان پێکەوەو لە هەمان کاتدا[١٢] ، واتای یاسایەکەی ئەرِیستۆیەو بە ئینگلیزی (Contiguity) بۆ دانراوە ، واتا (ملامسة ، اتصال ، قرب)[١٣] ، وبەکوردیش واتا «پێك کەوتن ، بەیەك گەیشتن ، نزیکی) . کە تەماشای سەرچاوە سایکۆلۆژییەکانی بە عەرەبیش بکەین ، دەبینین ئەم وشانەی بۆ دانراوە :– (التجاور)[١٤] ، (التقارب)[١٥] ، (التلازم)[١٦] «الاقتران»[١٧] . کە لێشیان ورد دەبینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە (التجاور) ، (لێك نزیك بوون» نی‌یە وەك مامۆستا جەلال بۆی چووە بەڵکوو ماناکەی «لە تەك یەك بوون» یان لە (تەنیشت یەك بوون)ە ، دیارە ئەم وشەیە پرِ بەپێستی یاسایەکە نی‌یە ، چونکە مانای «لە پشت یەك بوون ، التخالف» و «لەسەرەوە بوون ، التعالي» و «لە خوارەوە بوون ، التداني» ناگرێتەوە .

«التقارب ، لێك نزیك بوون)یش ، هەرچەند پتر لە وشەی (التجاور) لەمانای یاسایەکە نزیك دەبێتەوە ، بەڵام ئەویش کەم‌و کورِی هەیە ، چونکە ماوەیەکی دەست نیشان کراوی نەگۆرِاو نابەخشێت‌و رەنگە نزیکی‌یەکە گەلێ زۆر بێت یان گەلێك کەم بێت ، بەواتایەکی دیکە نزیکی دوو شت لە یەکتر مانایەکی (نیسبی) بەخۆیەوە دەگرێت .

کە لە (التلازم) و (الاقتران)یش ورد دەبینەوە ، تێ دەگەین کە کالای پرِ بە بالای یاسایەکەن‌و هەردوو وشەش بەکوردی واتا «پێکەوە بوون»[١٨]

## ١٨٧٩ یان ١٨٩٧ ؟ !

ساڵی ، ١٨٧٩ ، سەرەتای مێژووی سایکۆلۆژیایە وەك زانستێکی سەربەخۆ ، بەڵام مامۆستا جەلال پەنجەی بۆ (١٨٩٧) درێژکردوە ، گۆیا دکتۆر ئەحمەد عیززەت لە لاپەرِە (٣١) کتێبەکەی خۆیدا – أصول علم النفس – وای نووسیوە ! !

کە تەماشای لاپەرِە (٣١)ی ئەم سەرچاوەیە مان کرد ، سەرمان سورِما چونکە هیچ مێژوویەکی تێدا نەبوو ! ! کە لەو لاو لەم لای کتێبەکە گەرِاین ئەم مێژوەمان لە لاپەرِە (٢٧) کەوتە بەرچاو ، بەڵام نەك «١٨٩٧» وەك مامۆستا جەلال نووسی بووی ، بەڵکوو لەوێش هەر «١٨٧٩» نووسرابوو ! !

## قۆناغەکانی گەشەکردن

لەبەر ئەوەی ئەو زانیاری‌یانەی لەبارەی قۆناغەکانی گەشەکردنەوە هاتوون ، چ لە وتارەکەی ئێمەداو چ لە تێبینی‌یەکانی مامۆستا جەلال‌دا ، سادەو ساکارن‌و هەر کەسێك دەیانزانێت ، تا بۆمان بکرێت بەکورتی رِوونیان دەکەینەوە :–

١ – قۆناغی بەر لە دایك بوون : هەر کەسێك ئەوە دەزانێت کە مانەوەی (پز)ی ئادەمیزاد لەناو زگی دایکیدا نۆ مانگەو هەندێکیان کەمتر لەم ماوەیە لە دایك دەبن‌و هەندێکی

دیکەشیان درەنگتر. ئەمەش بەهۆی جیا جیاوە روو دەداتو سروشتی نی یەو کە دەڵێین ماوەکە بۆ مانگە مەبەستمان ، زۆربەی (پز)ەکانە کە بە نۆ مانگ لە دایك دەبن ، چونکە نەك هەر ئەم قۆناغە ، بەڵکوو گشت قوناغەکانی گەشەکردن (زۆربەی تا کە کەسەکان دەگرێتەوە لە تەمەنێکی دیاریکراوداو ئەمانەش مامناوەندین (وسط)نو کەمێکیان لەم مامناوەندی یە دەترازین چ بەرەو زۆرتری تەمەنو چ بەرەو کەمتری ئەو تەمەنە)[19] .

٢ – قۆناغی گەیین : ئێمە لە وتاری ناوبراوماندا بۆ ئەم قۆناغە زاراوی (گەیین)مان بە کار نەهێنابوو بەڵکوو نووسی بوومان قۆناغی پیاوەتی یا دایکایەتی. مامۆستا جەلالیش (کامڵی) بۆ ئەم قۆناغە پێشنیار دەکاتی ، لەراستی دائەم قوناغە بەعەرەبیش زۆر ناوی لی نراوە وەك (مرحلة النضج) ، مرحلة التكامل ، مرحلة الرشد ، مرحلة الرجولة ، مرحلة الرجولة والامومة) ، بەلای ئێمەوە ناو لی نانەکە هی ئەوە نی یە مشتومری لەسەر بکری و دەگەرێتەوە سەر رای ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت ، هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە (کامڵی) زۆر بەپەسند نازانین.

لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە ژنو پیاو دەگرێتەوە ئێمە بە قوناغی پیاوەتی یان دایکایەتی ، ناومان بردبوو مامۆستا جەلال لەبارەی بەکارهێنانی (دایکایەتی) یەوە دەڵێت : (کە وشەی پیاوی بەکارهێناوە ، ئەی باشە ووشەی ئافرەت ، یان ژنی لەبری (دایکێتی) بۆچ بەکار نەهێناوە ؟) بەهەر حاڵ ، هەرچەند ئەمە ئەوە ناهێنی کە مشتومری لەسەربکری ، وەڵامی مامۆستا جەلال دەدەینەوەو دەڵێین : هۆی بەکارنەهێنانی وشەی (ئافرەت) لەبەر ئەوە بوو ، چونکە لە وشەی (ئەروات)ی تورکی یەوە نزیکەو بەدووری نازانم وشەکە لە بنچینەدا تورکی بووبێتو کە (ژن)یان وشەی (ژنایەتی)یشمان بەکارنەهێناوە ، وشەی (دایکایەتی)مان لا جوانتر بوە ، کە هەر وایشە .

کە وشەی (پیاوەتی)یش بەکارهاتوە ، بۆ ناو لی نانی قۆناغەکە بوەو بەس ، وئادەمیزادیش لەم قۆناغەو پاش ئەم قۆناغەش هەر بەپیاو ناو دەبرێت ، بەڵام خۆ ئەم پیاوە کە پیر بوو پی ی دەڵێین پیر ! ئایا کە بەیەکێك وترا پیر ، مانای لادانی پیاوەتی لە گۆری دا هەیە ؟ ! نەخێر ، ئەم وشانە بۆ ناو لی نانی قوناغەکان بەکار هێنراونو هەر قۆناغە چەشنە تایبەتی یەکی هەیە ، ئەم قۆناغانەش دەستکردن بۆیە جۆرەها دابەشکردنی تەمەنی مرۆڤ بە سەر قۆناغی جیاجیادا هەیە . . .

دەست نیشان کردنی ماوەی قۆناغی منداڵی مامۆستا جەلال لە پێناو بە راست دانانی ناوو نیشانی کتێبەکەی خۆی : «منداڵ لە قوناغی دوا منداڵیو هەرزەکاریدا» تەمو مژێکی ئەوتۆی خستۆتە سەر ماوەی ئەم قۆناغە ، بەجۆرێك ، هەر دیار نەبێت .

بۆ ئەم مەبەستەش دەقی نووسینێکی (د. عزیز حنا)ی بەعەرەبی نووسیوەتەوە . ئێمەش دوو خاڵی ئەم نووسینە روون دەکەینەوە :–

١ – وتبلغ اقصاها عند الانسان اذ تبلغ حوالى ١٥ سنة . اذا نظرنا اليها من ناحية القدرة على التوالد .

لەم نووسینەدا بەروونی دیارە کە باسی ماوە هەرە زۆرەکەی تەمەنی منداڵ دەکات (أقصاها) واتا «ماوەی هەرە زۆری تەمەنی منداڵ» ئەگەر بەچاوی توانستی زاوزێ کردنەوە تەماشای بکەین .

ئەم قسەیە راستە ، بەڵام کە مامۆستا جەلال بۆ ئەوەی هێناوەتەوە کە گۆیا ماوەی تەمەنی یان قۆناغی منداڵی ١٥ ساڵە هەڵەیە ! لەبەرچی ؟

چونکە لە سایکۆلۆژیادا بۆ هەر دیاردەیەك رەچاوی (مامناوەندی ، الوسط) دەکرێتو هەرە زۆریان هەرە بەرزو هەرە کەمیان هەرە نزم رەچاو ناکرێت کە بەگشتی باس بکرێت ، بۆ نموونە دەڵێین منداڵ لە تەمەنی (١٥) مانگی دا دەروات ، بەڵام ئەم قسەیەمان مانای ئەوە نی یە منداڵ نەبێت پێش ئەو ماوەیە بروات واتا کەمتر لە (١٥) مانگ ، هەروەها مانای ئەوە نی یە منداڵ نەبێت بە ماوەیەك پاش «١٥» مانگ

پیێ بگرێت .

هەروەهاش ماوەی قوناغی منداڵی . کە «١٢» ساڵ دەخایەنێت . مانای ئەوە نی‌یە لە سەرانسەری دنیا منداڵ نەبێت پێش یان پاش ئەو ماوەیە قوناغەکە تەواو بکات . بۆ نموونە لە ولاتە گەرمەسێرەکان بە «٩»یان «١٠» ساڵی منداڵ توانای زاوزێ کردنی دەبێت‌و لە هەندێ جێگای ساردی تریشدا هەر وەك «د . هزیز هنا» گوتویەتی لە (١٥)ساڵیدا دەگاتە ئەم توانستە . بەڵام کە گوتراوە ماوەی قوناغی منداڵی «١٢» ساڵە . ئەم ماوەیە «مامناوەندی . وسط»ی ئەم قوناغەیە .

٢ — تەمەنی ئابووری ! مامۆستا جەلال نووسیویەتی : تەمەنی ئابووری ! تا (٢٠) بیست ساڵی . بگرە تا (٢٥) ساڵی بەردەوام دەبێت .

جارێ تەمەنی ئابووری مانای (العمر الاقتصادي) نیە . بەلکوو واتا (عمر الاقتصاد) !

لەبەر ئەوە بەکارهێنانی تەمەنی ئابووری . لە رووی زمانەوە ، بەکوردی ، هەڵەیە . دەبووایە (ئابووری‌یە تەمەن) بەکاربێت . لە رووی ناوەرۆکیشەوە ، ئابووری‌یە تەمەن رەنگە بۆ تەمەنی منداڵی‌ی ولاتە سەرمایە دارەکان راست بێت‌و ئەم مرۆڤە تا نەك تەمەنی (٢٠) یان «٢٥» ساڵی هەر بەمناڵ دابندرێت ، لەبەر ئەوەی هێشتا ناتوانی خۆی بژەنی بەلکوو تا (٣٠) سالیش هەیە هێشتا نەتوانێ بگاتە نان‌و زگی خۆی . بەڵام لە راستی‌دا ، هەروەك دیاردەیەکی بەڵگە نەویست ئادەمیزاد نە لە (٢٥) ساڵی منداڵەو نە لە تەمەنی (٢٠) ساڵی . . . ئابوری‌یە تەمەن بەسەر هەر کۆمەڵگا یەکدا راناتریت‌و لە کۆمەلگا سەرەتایی‌یەکاندا هەر نی‌یە ، دوور نی‌یە لە ولاتە سۆشیالیستەکانیشدا ، هەر لەم دوو وشەیە نەگەن !

## «مصدر صناعي ، مجاز ، تغليب»

لەبەر ئەوەی قۆناغی هەرزەکاری لە قۆناغی منداڵی جیاوازەو منداڵ هەرزەکار نی‌یە ، ناوونیشانی کتێبەکەی مامۆستا جەلال (منداڵ لە قۆناغی دوا منداڵی‌و هەرزەکاریدا)مان بە هەڵە دانابوو . کە هەر وایشەو لە کاتی نووسینەوەی ناوونیشانەکە نووسیبوومان (منداڵ لە دوا قۆناغی منداڵی‌و هەرزەکاریدا) .

واتا ئێمە وشەی (دوا)مان خستۆتە پێش (قۆناغی . .) لەم بارەیەوە هەرچەند هەمان مانا دەدات‌و مامۆستا جەلال خۆیشی وای کردوە . (دوا قۆناغی منداڵی : مرحلة الطفولة المتأخرة)[20] . (قۆناغی چوارەم : دوا قۆناغی منداڵی‌یە)[21] (دوا قۆناغی منداڵی)[22] . ئێمە داوای لێبوردن لە مامۆستا جەلال‌و خوێنەران دەکەین‌و دەڵێین : نەدەبوو گۆڕین لە نووسینەوەی ناونیشانەکە بکرایە .

ئەمانەو مامۆستا جەلال داکۆکی لە ناوونیشانی کتێبەکەی دەکاو دەنووسێت :

( . . جا وەك ئەو دەڵێ : (علم النفس الطفل) کە ناوونیشانی چەند پەرتووکەو باسی تەمەنی هەموو مرۆڤ دەکا هەڵەیە . چونکە (الطفل) تا (١٢) ساڵ دەگرێتەوە . نەخێر وانی‌یە ، لە نووسیندا رێسایەك هەیە پێ‌ی دەگوترێ (تغليب — گرتنەوە) ووشەیەك دەگوترێت دوو ووشەی نزیك یەك یان زیاترت مەبەستە . پێش ئەمەش نووسیویەتی :— ناوم لێنا (منداڵ لە قۆناغی دوا منداڵی‌و هەرزەکاریدا) (مجاز)ە . بەگوێرەی رابوردوو ، چونکە هەرزەکار بە تەمەنی منداڵی‌دا تێپەڕیوە ، بەپێ‌ی (زانستی رەوانبێژی) ئەمەیان رەوانترە .

ئێمە لەبارەی بەکارهێنانی (مصدر صناعی . تغليب) (مجاز)و (زانستی رەوانبێژی) لە لایەن مامۆستا جەلالەوە وای بۆچووین کە رەنگە شارەزایی یەکی باشی لە زمانی عەرەبیدا هەبێت . بەڵام کە دیمان لەباتی ئەوەی بنووسێت : (علم نفس الكبار) ، (علم نفس الطفل) نووسیویەتی :

(علم النفس الكبار) ، (علم النفس الطفل) . ئەم بۆچوونەمان هەڵوەشایەوە ، چونکە ئەوەی شارەزای زمانی عەرەبی بێت دەزانێت کە :— (علم النفس الكبار) . (علم

النفس الطفل) هەڵەیە . چونکە یەکەمیان (ساسکۆلۆژیایەکی گەورە) و دوەمیان (سایکۆلۆژیایەکی منداڵ) دەبەخشێت و مەبەستیش ئەم مانایە نی یە بەڵکوو مەبەست مانای (سایکۆلۆژیای گەوران) . سایکۆلۆژیای منداڵان)ە ، بۆیە دەنووسرێت (علم نفس الکبار) . (علم نفس الطفل) .

هەروەها کە نووسیویەتی :— (تەمەنی هەموو مرۆڤ) هەڵەیە ، چونکە مەبەست تەمەنی گشت مرۆڤی سەرزەمین نی یە ، بەڵکو مەبەست گشت تەمەنی مرۆڤە ، بۆیە دەبوایە بنووسرێت : هەموو تەمەنی مرۆڤ . لەبارەی ئەوەیش کە لەبەر ئەوەی هەرزەکار بەقۆناغی منداڵی تێپەریوە دەشێت پێی بگوترێ منداڵ ، وەك مامۆستا جەلال دەڵێ ، بەڵگەیەکی بێ هێزەو رێی ئەوە خۆش ناکات ، کە لەبەر ئەوەی پیاوێکی پیر بە قۆناغی هەرزەکاریدا تێپەریوە پێی بڵێین هەرزەکارە ! ! یان بڵێین منداڵە ! ! (تغلیب — گرتنەوە)ش لە زانستدا شوێنی نی یەو دەبێت وشە ، مانای دەست نیشانکراوو دیار ببەخشێت و مەبەست لە بەکارهێنانی هەر وشەیەکیشدا ، هەر مانای وشەکە خۆی بێت ، نەك مانای وشەیەکی دیکەی نەنووسراو یان دوو وشەی نەزانراو ! !

(علم نفس الطفل) ، (سایکۆلۆژیای منداڵ)یش کە ناوی چەند کتێبە باسی هەموو تەمەنی مرۆڤ ناکات ، واتا ، قۆناغی بەر لە دایك بوون پاش لە دایك بوون ، منداڵی ، هەرزەکاری ، گەیین ، پیری . بەڵکوو هەر بەقوناغی بەر لە دایك بوون و قۆناغی منداڵی باسەکەی کۆتایی پێ دەهێنێت و ئەوەی باسی هەموو تەمەنی مرۆڤ دەکات سایکۆلۆژیای گەشەکردنە کە سایکۆلۆژیای منداڵ لقێکی ئەم زانستەیەو بەعەرەبی بەم سایکۆلۆژیای گەشەکردنە دەگوترێت : (سیکۆلوجیة النمو) (علم النفس الأرتقائي) یان (علم النفس التکویني) .

بۆیە ناوونیشانی ئەو کتێبانەی باسی هەموو تەمەنی مرۆڤ دەکەن (علم نفس الطفل) نی یە بەڵکوو :— سیکولوجیة النمو الأسس النفسیة للنمو ، دراسات في سیکولوجیة النمو ، . . . . ناوونیشانەکانیانە . .

## پەراوێزو سەرچاوەکان


١ — حمە کەریم رەمەزان هەورامی ، **سایکۆلۆجیەتی خوێندنەوە** ، سلێمانی ، ١٩٦٨ .

٢ — عبدالستار طاهر شریف ، **نەشونماکردنی زانیاری لای منداڵ** ، بغداد ، مطبعة دار العراق ، ١٩٦٨ ص ٦٢ .

٣ — هەمان سەرچاوە ، ل ٩ .

٤ — هەمان سەرچاوە ، ل ٥ .

٥ — کۆڕی زانیاری کورد ، زاراوە زانستیەکان ، بەغدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، ل ٣٠ .

٦ — هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢ .

٧ — گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٥٥) ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٨٢ .

٨ — د . علي عبدالواحد وافي ، علم اللغة ، ط ٥ ، مکتبة نهضة مصر بالفجالة ، ١٩٦٢ ، ص ٢٥٦ .

٩ — رەوشت ، هەر کردەوەیەکی زیندەوەر دەگرێتەوە ، جا کردەوەکە دیاربێت یان نادیار .

١٠ — د . احمد عزت راجح ، اصول علم النفس ، ص ٧ ، القاهرة ، دار الکاتب العربي للطباعة والنشر ، ١٩٦٨ ، ص ٨ .

١١ — الدکتور جابر عبدالحمید جابر والدکتور احمد خیري کاظم ، مناهج البحث في التربیة وعلم النفس ، القاهرة ، دار النهضة العربیة ، ١٩٧٣ ، ص ٩٦ .

١٢ — ارنو ، ف ، ویتیج ، سیکولوجیة التعلم ، ترجمة د . عادل عزالدین الأشول وزملائه ، القاهرة مطابع الاهرام ، ١٩٨٤ ، ص ٣٥ .

١٣ — نخبة من اساتذة اللغتین الانکلیزیة والعربیة ، القاموس العصري الجدید ، بیروت ، دار الفکر للجمیع ، ١٩٦٨ ، ص ١٤١ .

١٤ — سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٦ .

١٥ — اصول علم النفس ، ص ١٦١ .

١٦ — ج . ل . فلوجل ، علم النفس في مائة عام ، ترجمة لطفي فطیم ، بیروت ، دار الطلیعة ١٩٧٣ ، ص ٢٢ .

١٧ — سیکولوجیة التعلم ، ص ٢٥ .

١٨ — بۆ پتر روون کردنەوەی هەر سێ یاسایەکەی ئەرستۆ دەڵێین بۆ نموونە :— بە ئازادو شێرکۆو ئاوازمان گوت : ئێستا وشەیەکتان بۆ دەڵێین و ئێوەش هەریەکەتان ئەو وشەیەی کە وشەکەی ئێمە وەبیری دەخاتەوە بەکسەر بنووسێ و وشەی (بووك) مان بۆ هێنانەوە . گریمان ئازاد نووسی (شایی)و شێرکۆش نووسی (بەفر)و ئاوازیش نووسی (زاوا) .

وەڵامی ئازاد یاسای (پێکەوەبوون) لێك دەداتەوە چونکە (بووك)و (شایی) پێکەوە دەبن و وەڵامی شێرکۆش یاسای لەیەك چوون روون دەکاتەوە ، چونکە جل و بەرگی بووك سپی یە وەك بەفرو وەڵامی ئاوازیش مانای یاسای سێیەم دەردەخات ، چونکە مانای وشەی (زاوا) پێچەوانەی مانای وشەی (بووك)ە .

١٩ — دکتور عایف حبیب ، خصائص الکبار النفسیة والفسیولوجیة ، ط ٢ ، بغداد ، مطبعة جمیل ، ١٩٧٠ ، ص ١٧ .

٢٠ . ٢١ . ٢٢ — جەلال خەلەف ئاڵەیی ، منداڵ لە قۆناغی دوا منداڵی و هەرزەکاریدا ، بەغدا ، چاپخانەی (حسام) ، ١٩٨٣ ، ل ٥ ، ل ٢٩ ، ل ٣٠ .